# کەبیر لەتۆ دەکەمەوە

محمد عدنان عثمان

شعر: کەبیر لەتۆ دەکەمەوە

محمد عەدنان عوسمان

سەرپەرشتی چاپ: بیلاڵ جەبار

کاری کۆمپیوتەری: کۆمپیوتەری تەژنە


ژمارەی سپاردن: (١٤٧٧) وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە




# شینی دووریت

هەشت سەدەیە چاوەروانم خۆر هەڵبێت
چاوەروانم تاریکی کڵۆم دەم
هەشت سەدەیە چاوەروانی ماچێکتم
ئەی فریادرەسی ژیانم
ئەی شازادەترین هاوسەرم
چیدی لە دووریتدا ناتوانم دڵم فریو دەم
چیدی ناتوانم لەبەر ئاوێنەکاندا لە سیمام بروانم
هەشت سەدەیە تەنیام
ئای خوایە ئەو زەمەنە چەندە کەمە بۆ خۆشویستن
چەندە کەمە بۆ راموسان
تۆ پەریزادەی منیت کە لەپاڵ چاوانتدا دەحەسێمەوە
تۆ درووستکەری خەونەکانم، بەدیهێنەری ئارەزووەکانمیت
تۆ کیژۆڵەیەکیت لە دوور وولات.
دەروونم ئازارم دەدات
لە زیندانێکی ناوم , نایەڵێ لە تۆ زیاتر سەیری هیچ کچێک بکەم
رۆژانە قسەت لەگەڵ دەکەم
دەزانم چەندە خەمت هەیە
دەزانم چەندە تەنهایت

گەلێک غەریبیت دەکەم وەختە دەکەومە سەرجادەکانی شار
هەشت سەدەیە نائارامم،
هەشت سەدەیە کاتژمێرەکەم وەستاو دەبینم
نە عیبادەت  , نە مەستی کاتم ناکوژێت
خۆشەویستیت ئازارم ئەدات
دووریت گەلێ ناخۆشە بۆ من
حەزم دەکرد لە سینەتدا رابموسامایە نەک دووریم لێت
حەزم دەکرد بە مەستی ماچت بکەم نەک دەروونم ئازارم بدات
خۆشەویستەکەم دڵنیابە ئەم دوورییە خۆشەویسترمان دەکات
ئێمە رۆحمان رامووساوە لەگەڵ یەکدی و جەستەمان لێک دوورە
خودایە بەزەییت بەم دوو عاشقە دڵ شکاوەدا بێتەوەدا
خودایە بمانگەیەنیتە یەکتر





# کە لەخەیاڵمدا گوزەر دەکەیت

کەلەخەیاڵدانمدا گوزەر دەکەیت
لێم حەرام دەبێت هەموو ژنانی دنیا
کە لێوە تەڕەکانت دەبینم مەحروم دەبم لە شەراب
لە سەرمەستی گۆشەی مەیخانەکان
کە نیگات دەکەم لە تۆ زیاتر هیچ کیژۆڵەیەکەم نەگەرەکە
بێ بەریش دەبم لەهەموو کچێک
تۆ شاجوانی منیت لەناو عاشقاندا
تۆ فریادرەسی منیت لەناو غوباری گوناهەکاندا
لەو کاتەوەی کە تۆم ناسی زانیم گوڵ حەز بەچی دەکات و
بەچیش تورە دەبێت
نەو ساتە تێگەیشتم ماچ چۆن دەکرێت
نەوکاتە زانیم ژن چەندە گەورەیە
نەو سەردەمە زانیم دووریت چەندە سەختە
بەهیوای پێک گەیشتنمان

# گوزارشت کردن لە ئەوینی تۆ

هەستەکانم لە تۆدا رووت دەکەمەوە
رووت دەبمەوە بۆ سرووشت
بە تەنها وەک کچە خێڵەکییەک لێت دەروانم
دەمەوێت بۆنی جەستەی رووتت بکەم دوور لە هەر فەنتازییایەکی دنیا
دەمەوێت هەموو حەزەکانم لە تۆدا بهێنمەدی
خودایە ئەم چاوەروانییە هەتا کەی؟
بێ تۆ من ناگەمە گوزارشت کردن لە خۆشەویستی
هێندەی ئەم دنیایە خۆشم دەوێیت.
جوانکیلەکەم تەنیایی سەراپای داگیر کردووم
شیعریش دادم نادات
لە بەد مەستییەکی گەلێک گەورەدام
چوونە ناو ئەو دنیایەی کە تۆ لێیت جوانییەکی بێ وێنەیە
ئەو ساتە ئیرۆسیانەی کە لەگەڵ تۆدا دەبم زیندەگییە
تۆ سەراپا پڕیت لە حەز، منیش پیاوێک سەراپا لە خۆشویستن
دنیای من و تۆ هێندە گەشە کە حەز دەکەم بەر لە تۆ بمرم
ئەی شازدەکەی من، تۆ جوانترین ئەندێشەی منیت لە دنیای خەیاڵمدا



تۆ لە تەنیایمدا پەنامدەدەیت، خودایە کەی ئەم دوورییە دەبرێتەوە؟
کەی من و تۆ دەستی یەک  دەگرین و سەما دەکەین؟
گەر دوای ئەو رۆژە بشمرم ئاساییە؟ چونکە عەشقێک لە دوام جێ دەمێنێ
چونکە کچێ شیعرەکانم لە چاپ ئەدات
چونکە ئەو ساتە هەست دەکەم کە ژیان چەندە جوانە
تۆ من وەک خۆم دەبینی
تۆ ڕۆ دەچیتە ناو هەستەکانم، لە خەمەکانم دەگەیت
تۆ رۆحم دەبەیتە ناو فیردەوسەکانی هەستەوە
منیش مرۆڤێک کە دەتوانم بنوسم
رۆژانە خۆشەویستیت لە ژیانمدا گەورە دەبێت
لە هەموو جێگەیەک لە گەڵمدایت، ئەی ئەمیرەکەم



# له دایك بوونی شیعرێكی نوێ

**ئیمشەو کۆرپەیەک دەگری**

**شیعرێ لە دایک دەبێت، منداڵێک باوکەرۆدەکات**

**(لاس)ەکەی من غەمت نەبێ، من و تۆ پێک دەگەینەوە**

**رۆژگارێک دێ لە باخەکانی سەرچنار پێکەوە گەمان دەکەین**

**کورە گەورەکەم، هێندەی دنیا خۆشم دەوێیت**

**دووری تۆ برینێکی گەورەی سەر دڵەکەمە**

**خەندەی تۆ ئاواتی پیرە باوکەکەتە، ئەی مرۆڤە گەورەکە**

**من لە رۆژگارێکدا دەمویست خەندەکانت مۆمیا کەم**

**دەمویست لە ئامێزگرتنت وا کۆتایی نەیەت**

**لەو ساتەدا دەمویست گەر لەبەر تۆ نەبوایە رۆحم ئازادکەم**

**من لە چاوەروانی تۆدا**

**سات لە دوای سات خەمەکانم زیاد دەکات**

**داخۆ ئێستا چۆن ژیان تێپەرێنیت؟ بێ ئامێزی باوکت؟**

**داخۆ ئێستا بەیانییەکان چۆن بکەیتە ئێوارە و**

**ئێوارەکانیش بکەیتە شەو؟**

**من نیگەرانی رۆژێکم کە تۆ تیایدا لە مانای باووک نەگەیت!**

**لەو رۆژانە دەترسێم کە ناحەزان سەراپای رۆحت پرکەن لە کینە**

**بەڵام کاکە (لاس) غەمت نەبێ؟**



**هەرگیز عەشقی ئێمە کۆتای نایەت،**

**رۆژگارێک دێ دەگەرێیتەوە ئامیزی باوکە پیرەکەت**

**رۆژگارێک دێت کە پێکەوە دادەنیشین و شیعرت بۆ دەخوێنمەوە**



# ساتێك لەگەڵ تۆدا

چەندە جوانە لەگەڵ تۆدابوون
کاتێک لە دوورەوە بەدیت دەکەم،
چەندە لام جوانە زیندەگی،
ئەی تاقانەترین ئەندێشەی ناو خەیاڵی من
ئەی ناسکترین مرۆڤی سەر زەوی
من دەمەوێت لە ناو دەستەکانمدا پەنات بەم
دەمەوێ لەگەڵ تۆدا عەشق بازی بکەم
لە تۆدا من دووبارە ئاشنا دەبمەوە بە هیواکان
لە تۆدا من دووبارە شیعر بۆ عەشق دەنوسم
دێمە لات لەوێ دوور لە هەموو بەنی ئادەمێ
دەستی یەک دەگرین، بەرەو پارکەکانی (ئۆکلن) دەرۆین
لەوێ ئەو نامانانە دەخوێنینەوە کە گۆڕیومانەتەوە
سەیری ئەو وێنانە دەکەین کە سەردەمانێک بۆ یەکدیمان ناردووە
من دەتوانم بێ بێزاری، تا ئەبەد لات دابنیشم
دەتوانم لە ڕۆحتدا ئەو حەزانە بەدی بکەم
کە ساڵانێک خەفە کرابوون
تۆ دووبارە شیعرم پێ دەناسێنیتەوە
لە گەڵ تودا دووبارە لە ماناکانی هاورێیەتی دەگەم



حەز ناکەم زەمەن وا بەخێرایی جێمان بهێڵی
دەمەوێ چەند سەدەیەک خۆشم بوێیت
ئەی گولاڵە سورەکەی تەمەنی من
کە لەگەڵ تۆدا دەبم هەست بە بوونی عەشق دەکەم
هاورێکانم وون دەبن، تەنها لەنێو ئەلبوومەکاندا دەمێننەوە
بەڵام من تۆم لەناو ڕۆحمدا هەڵگرتووە
بۆیە هەردەم وەک جوانترین شۆخ لام دەمێنیتەوە



# لەوێوە دێم

لەوێوە دێم
لەمپەری رۆژهەڵاتەوە، بەرەو ئەوپەری دنیا
بۆ لای جوانییەکانی تۆ
بۆ دەست پێکردنی ژیانێکی نوێ
بۆ دروست کردنی ژیانێک پر لە ماچ، پر لە جریوە،
پر لە موحیببەت
تۆ ئەو فریادرەسەیت کە من لە تەنهایی رزگار دەکەیت
تۆ ئەو حەکیمەیت کە زامەکانی سەر دڵم سارێژ ئەکەیت
ئەی خاوەنداری جوانترین هەست لە جیهاندا
ئەی تاقانە گوڵەکەی من لە( نیوزلاند)
دێمە لات
لەوێ لە(ئۆکڵەند) مێژووی خۆشەویستییەکی نوێ
تۆمار دەکەین
لەوێ دەستی یەک دەگرین و پێکەوە سەما دەکەین
لەوێ بەرەو لوتکەکانی خۆشویستن دەچین
لەتۆدا هەست بە جوانییەکانی ژیان دەکەم
لەتۆدا هیواکانم دووبارە لەدایک دەبنەوە
لە تۆدا من سەرلەنوێ من لەدایک دەبمەوە



# ئەی شۆخەکەی خەیاڵی من

ئەی کچە شۆخەکەی خەیاڵی من
کە دەتبینم ژیان لام جوان دەردرەوشێتەوە
کە هەست بەپرشنگی نازت دەکەم هێندەی تر خۆشم دەوێیت
ئەی ئەو کەسەی کە وەک کچانی تری نیشتمان باوەرت پێم هەیە
لە دوورەوە هاوار دەکەم خۆشم دەوێیت
هەناسەکانت دەناسمەوە، لەخەمەکانت دەگەم
تۆ کچی شازادەی جوانی، کچە هەورامییەکیت
کە بەهۆتەوە حەز لە دانیشتنی ناو دارگوێز و
ماچی ناوەخت دەکەم
ئەی ناسکترین دروستکراو لەم شارەدا
لەگەڵ تۆدا من هیواکانم لەخاچ ئەدەم
لەگەڵ تۆدا من عاشق دەبم بە سروشت
خەندەکانت جوانی دەدات بە بوون
نیگاکانت بەرائەتی لێ دەچۆرێت
تۆ کچی ئەو نەتەوانەی کە لە گەردی پەپولە دروست کراون
لەو شاژنە لەدایک بوویت کە شەری نەتەوەکان لەسەری
هەڵدەگیرسێت
ئەو ساتانەی کە نیگات دەکەم

شتێک لە جوانییەکانی دنیا دەبینم
لە رۆحتدا دنیایەک یاخی بوون دەبینم
یاخی بوون لەو جیهانەی کە بێ ویستی خۆمان تیایداین
یاخی بوون لەو چرکانەی کە دوو عاشق ناگەنە یەک
تۆ دەبوو لەسەردەمی پەرستنی ژن و
پیرۆز راگرتنی جەستەدا بژیایتایە!
من دەتوانم خۆشم بوێیت
چونکە دەتوانم شیعر بنوسم
دەتوانم لە ئارەزووەکانی ناو رۆحت و
بورکانەکانی ناو جەستەت بگەم
ئەی شازادەترین شەونمی نێو خەیاڵم





# گەر من و تۆ پێکەوە بین

گەر من و تۆ پێکەوە بین
ژیان چەند رەنگاڵیی دەبێت
پیاوێکی مەزن لەگەڵ شۆرە ژنێ پێکەوە بن
چەندە پر مانا دەبێت ژیان کە من و تۆ
تەنها لەسەر ئەم زەمینە بژین
من دەتوانم لەگەڵت بم چونکە دەتوانم هەست بکەم
دەتوانم لەبەر باراندا ماچت بکەم
دەتوانم تا بەرزترین لوتکەکانی چێژت ببەم
ئەی خاوەنداری جوانترین بیر کردنەوە
تۆ دڵێکیت هەیە سەراپا لە کریستاڵ دروست کراوە
بەناسکترین ووشە دەشکێ
بۆیە دەبێ بەناسکتر لەناسک لەگەڵت بدوێم
من مرۆڤێکم خاوەنی ئەندێشە و
کۆمەڵێک خەیاڵی جوانکردنی ژیان
من ئەو ساتانە هەست دەکەم دەژیم
لەگەڵ هاوتایەکی خۆمدابم کە تۆێت
لەگەڵ کەسێکدا بم کە ئاوێنەی یەکدی بین
کە ئەویش تۆێت

دەخوازم بەکەسێک عاشق بم کە رۆحمان لێک تێ بگات
دەمەێت ژیانێک دروست کەین کە گەلێ جوان و
پر مانا بێت
دوور بێت لەهەر ناخۆشییەک .. هەر کینەیەک





# ئێوارەیەك لەگەڵ تۆدا

لە ئێوارەیەکی درەنگ وەختدا بەدیم کردیت
لە ئێوارەیەکدا لێوان لێو لە جوانی یەکانی خۆشویستن
لێوان لێو لە هەنسکەکانی پێک گەیشتن
ئێوارەیەکی پەمەیی، پر لە نوری ئیرۆسی
پر لەماچی ئەو پەپولانەی،
کە مەعشوقەکان پێکەوە هەست ئەگۆڕنەوە.
جوانی یەکانت ئێوارانی پر کردووە لە ماچ
بەیانی یەکانی پر کردووە لە جریوە
تۆ لە نەوەی ئەو کچانی کە خەڵکی دەیانەوێت بگەنە لووتکەکانی ئاشنا بوون
تۆ لەو گولآنە دەچیت کە سەرلێون لە خۆشی یەکانی ژیان
دانیشتن لەکەڵ تۆدا بریتی یە لە ئارامی یەکانی رۆح
من سەفیری عەشقم لەم وولآتە
تۆش فریادرەسی نەتەوەکان
من وەک سوارچاکێک بەناو کۆڵآنەکانی شاردا دەگوزەرێم
تۆش ئەو کچەیت کەلە دوورەوە بەدیار دەکەویت، دەتناسمەوە
لەگەڵ تۆدا مانای شتەکان تەواو دەگۆڕێت
لەگەڵ تۆدا من دەکەمەوە ماچ پەرستن

دەکەمەوە عیبادەتی نیگا و

دەچمە سەر ئەو شێخانەی کە لەسەر عەشق شەهید کراون

کە پێدەکەنیت دەرگاکانی موحیببەت لەسەرم دەکرێتەوە

کە وەسفم دەکەیت هەست دەکەم چەندە مرۆڤت لا بەرێزە

کە سەیرم دەکەیت لە لوغزەکانی ژیان دەگەم.

لەگەڵ تۆدا چێژ سنوری نییە

ماچ تەواو نابێت .. شتێک نییە ناوی بێزای بێت

ئەو دەمانەی کە تەواو ماندوو ئەبم دێمەلات دادەنیشم و

لەو شەرابە دەخۆمەوە کە لە سینەتەوە دەچۆرێت

کە رەشبین دەبم دێمەلات دادەنیشم نیگات دەکەم، گەشبین دەبم

گەر لە سێداری مەرگیشدابم، خۆم بە نەمر دەزانم.

من جیاوازتر سەیری شتەکان دەکەم

تۆش جیاوازتر لەخەڵک من دەبینی

من دەمەوێ ئەم موحیببەتە کۆتایی نەیەت

ئەی کچە تەوێڵەیی یەکەی من

من لەگەڵ تۆدا دەمەوێت رووت ببمەوە بۆسروشت

دەمەوێ لەوێ لە هەورامان

پێکەوە لە بێشەکان کوخێ بۆ خۆمان دروست بکەین

دوور لە هەموو بەنی ئادەمێ

دەمەوێت جگە لە یەکدی کەسی دی نەبینین

حەز دەکەم لەناو خیابانەکانی ئەوێدا



دەستەکانت بگرم و بەرەو باوە کۆچەک و چاووگت ببەم


دەمەوێ لەوێ

لە بەرامبەرت دابنیشم وبەگولاوی چاوەکانتەوە مەست بم

تۆ ئەو گولاڵە سورەیەیت کە لەناو درکەڵانی ژیانمدا رووایت

تۆ ئەو هیوایەیت کە شوێنی گەورە لە دڵمدا جێ دەهێڵیت

تۆ پارچەیەکیت لە پەراسوەکانی من کە باوە ئادەم دای بە حەوا



## که نیگات دەکەم

که له دوورەوە نیگات دەکەم
ئەو ئەفسانانە دەبینم
کەله چاوانی سۆزانیە مەستەکاندا بینومن
که لێت دەروانم
دەخوازم
به مەستی ماچیت بکەم
که قەیرەییت بەدی دەکەم
دەمەوێ تێر تێر لەباوەشمدا
هەڵتگلۆفم
که لەگەڵ تۆدا دەبم
دەمەوێت من وتۆ
له دنیایەکی تر دا پێکەوە رابموسێن
دەستت بگرم و
بتبەمە سەر دارسێوەکان
دەست لەملت کەم و
له بۆنی سینەتدا  بنوم و بەخەبەر بێمەوە



## له گەڵ تۆدا بوون

چەندە خۆشە لەگەڵ تۆدا بوون
دوای گەشتن به تەماوتیرین به
شەر مندەترین سیما
نیگای چاوەکانمان تێکەڵاو دەبێت
هیوامان زۆرە
لەبەرزترین لوتکەدا بۆت دەنووسم
به هەموو تەمەنم لەتۆ زیاتر فرشیتەیەک
بەسەر ئاسمانی نشتمانەکەمدا نەفڕیوە
ئەی فرشیتە رەشپۆ شەکەی من
لەگەڵ تۆدا بوون کۆتایی ناخۆشیەکانە
دانشتن لەو رەشماڵە کەوا تۆی لێیت
دانشتنە له خێوەتەکانی فیردەوسدا
لێت تێ دەگەم
دەزانم دڵت چی دەڵێت
دەزانم چۆن له پانتاییەکانی رۆحمدا گوزەردەکەیت
دەزانم چەندە هیواو چەندە خەمت هەیە
من لەبەر دەرگای ئێوەدا بۆ یەکەمین جار
فێری نیگاکانی بەرائەت بووم

فێری ئەوە بووم کە لەسەر بەرزاییەکانەوە هاوار بکەم
خۆشم ئەوێت
فێری ئەوە بووم لە بەرامبەرت دانیشم وشیعر بنوسم
فێری ئەوەش بووم کە لە نزیکتەوە بەزمانی گوڵ
لە گەڵت قسان بکەم
من و تۆ لەگۆماوێکداین ئێوانمان بە ئاو دەورەدراوە
چاوەرێمکە دێمەلات





# یەکەمین جار کە سەیرم کردیت

زەردەخەنەک بەدەم شنەی باوە لەدایک بوو
لەو ساتەدا نیگام کردیت نیگات کردم
هاتیتەلام
وەک فرشیتەیەک دەستەکانم گریت
وەک پەرییەک لێم دەروانیت
ئەی کچە تاقانەکەی دایە و بابە
ئەی دنیایەک پر لە بەرائەت و جوانی
تۆ سیمای گوڵە گەشاوەکان دەنوێنی
لەو گوڵانە دەچیت کە لە باخچە
دوورە دەستەکاندا رواون
ڕۆحت بەمن ئاشنا بوو
بەڵام من ناتوانم ئیدی
بەو جۆرەی کە دەتەوێت
لەگەڵت بگوزەرێم
ئێوانمان گەلیک دوورە
مەگەر قەدەر نزیکی کاتەوە

# کە رەبەنیت دەبینم

هەر چەند رەبەنیت دەبینم
رۆدەچمە ناو زەوی
کە سیمات بەدی دەکەم
شەرم دەمگرێ
دوعای بەختێکی باشت بۆ دەکەم
کە تۆ دەبینم
تنۆک تنۆک
دەچۆڕێمە ناو خاک
نازانم چی چاوەڕێمان دەکات؟
بەچ شەمە ندۆفێری دەرۆین و
لە کوێ دەمانێژن
وەرە باعەشق بنێژین و
وەک خەیاڵ ئەو ساتانە تێپەڕێنین.



# غەریبیت دەکەم

ئەو ساتانەی بیر لە تۆ ئەکەمەوە
پڕ دەبم لە شیعر
پڕ دەبم لە تنۆکی سۆزە ئیرۆسیەکان و
ئەو زمانەی کە عاشقەکان پێ دەدوێن
گەلێ غەریبیت دەکەم
هەمیشە چاوم لەڕێ یە،
بۆ چرکەیەکیش بێت ئەو سیما تەماویەت ببینم
گەلێ لێوان لێوم لە شیعر
ئێواران کە رەفتە بە سەرێک دەبینم
بە خەیالێ تۆوە
لێی دەروانم نیگای دەکەم
عەشق ئەو شتەیە کە فەنا نابێت و
هەتا تاکە عاشقێ مابێت عەشقیش دەمێنێ
ئیمرۆکە لە شیعر زیاتر هیچ شتێک شک نابەم
تینوێتی ئەم غەریبییە بشکێنێ
لە یاوەدەرییەکانت زیاتر هیچ شک نابەم
لە تەنیایمدا وەکو هاورێ یەک لەگەڵم دانیشێ
لەتۆ زیاتر کەس شک نابەم
بتوانم ئەم ووشانەی بۆ بخەمە سەر کاغەز و
میوانی پێکەکانی ئێوارەیەکی پڕ لە بێزاری بێت.

# کە تۆم ناسی

ئەو ساتەی کە تۆم ناسی
من لەو مامۆستایانە دەچووم کە خاوەن بڕوانا مەیەکی
ساختە بوون لە عەشقدا
تۆش قەتابیەکی چاپووک
من فیرم کردی ووشەکانی ئەوین
ساتەکانی مەست بوون و ئێوارە پەمەییەکان چین
بەڵام بۆ خۆشم
لە درۆیەکدا دەژیم درۆیەک راستر لە درۆ
سەیرە ئێمە درۆ لەگەڵ خۆشمان دەکەین
بەڵام ئەو نشتمانە هەر دروست دەبێت
ئەو راستیانە دەبنە خەون و
خەونە کانیش دەبنەوە ڕاستی
دەرحەق بە زەمانە هەر دووکمان دەگوزەرێین
هەر دوکمان دێین و دەرۆین
بەیانی دەکەین ئیوارە و ئێوارش دەکەینەوە بەیانی.



# لەناو فەرهەنگەکانی بادا بۆت دەگەرێم

به دیار کۆمپوتەرێکی پیرەوە
من تۆ دوو زیندانی ئەبەدین و
لەم سەرابەدا بە دوای دوو دلۆپ ئاو
بۆ رۆحمان دەگەڕێن
من تۆ دوو مەتیەرەوانی پیرین و
بە خەیالێ گەنجێتیەوە ئەم گوڵە مردووانە دەنێژین
من وتۆ لەو خەیاڵانە دەچین کە بەدەم سیگار کێشانەوە
دروست دەبێت
ئەو خەیاڵانەی تا ناکۆتا , تا دوایەمین ژوورەکانی مەرگ
بەحەماسەوە لە گەڵماندا دەژی
ژیانمان لە کەتبێکی گەورەی ماچ و
مردنیشمان بێ کەس کوژی یە
من و تۆ کوژراوین و کەچی هێشتا
رۆحمان لە راموسانی یەکدی نابێتەوە
من وتۆ لە ئێوارەکی تەماوی بە دەم نیگاکانی موحیبەتەوە
رۆحمان بە یەکدی ئاشنا بوو
بۆیە هەرگێز دەست لە یەکدی بەرنادەین و

پێکەوە لە زیندانە تاریکەکانی تەنیایدا سەمادەکەین

گۆرانی بۆ عەشق دەچڕین و

تا ئەبەد بەو سۆزەوە قسان دەکەین

کە زمانی دوو عاشقی پەپولە ئاسا پێی دەدوێن





# هەنگاوەکان

بەدەم هەنگاوەکانمەوە کاتێک دەرۆشتم هەستم ئەکرد ژیانم وەک هەنگاوەکانە وچارە نوسیشم

نادیار

هاوریێ ئێوارەت باش

ئێوارەت باش ئەی میوانە پایز ییەکەی من

ئەی میوانە درەنگ وەختانەکەی تەمەن

من بەدەم ڕێگا نادیارەکانمەوە بەرەوە مەنفاکان هەنگاو ئەنێم

تۆش وەک سنەوبەریکی وشک هەڵاتوو لەشەهوە

لە ناوەراستی شەقامەکەمدا دیاریت ...

من بەدەم ڕێگا کانمەوە بەرەو جەنگەڵەکان ئەرۆم

تۆش وەک خوایەک لە خواکانی فیرعەون

لەم دەڤە وە وەستاویت خۆت پیشانی هەموو خواپەرست و کافرەکانی ئێرە ئەدەین

من بەدەم مەنفا دیارەکانەوە ڕێگا دەبڕم

تۆش وەک سەماکەرێکی یاخی بەدەم ئارەزووە فریشتەییەکانتەوە سەمادەکەیت

من بەدەم چونە ناو جەنگەڵەوە ڕێگا دەبڕم

تۆش وەک سۆزانیەک لێم یاخی دەبیت لەوەی من سەردەمانیکە

یانی بووم لە ماچ

من بەدەمامکەکانی یاخی بوونەکانمەوە سەیری شتەکان ئەکەم و

تۆش وەک فریادرەسی میللەتە بچوکەکان

لە دوورەوە هەستت بێ ئەکەم

# لێرە و لەوێ

لێرە ئیمپراتۆریایە لە لمەکانی سعود و تەرازوویە لەریشی هارون

عەشقەکانم ئەپێوێ

لەوێ نەلم و نەناوی هارون لە هیچ فەرهەنگێکی ئێوارەیا نییە

لێرە بەدەم شمێرو ناڵەی بەرەبەیان عاشقە خەوتووەکان رائەچڵەکن

لەوێ بەدەم جریوەی چۆلەکە تابەرەبەیان مانگ پاسەوانیانە



# نزا

ئەی یار

ئەم نزاسپیانەم بۆ رۆحیانەتی عەشق بەرزمەکەوە

ماچەکانی ناو گومەز و دانشتنە کانی ئێوارەمی

بۆ ئەنێرم

ئەم نشتمانە وەهی یانەمی بۆ ئەنێرم کەمن

بەدوای ئاسمانێکی نوێ .. دادەگەرێم

ئەم شیعرانەی بۆ ئەنێرم

کە بۆ ئەستێرە تەنها کانم نووسیوە

ئەو ئەستێرانەی لە تەنهایی مندا خۆیان بەمەغدور ئەزانن

ئەی ئەمیرم

لەم رۆژگاری ئەم غەریبیە ئەفسانەییەدا .. لەم نزایانە

بێ دەنگ مەبە ..

بێ دەنگ مەبە لەو دوعایانەی نوسینەکانیان خوێنی ئەم مرۆڤە

تەنها یانەو تەلسیمەکانیان ماچە

بێ دەنگ مەبە لەو هاوارانەی دەنگە کانی لە دەنگی ئەم فریشتە

جەرگ سوتاوانە بەتین ترە و

هەموو ئێمبراتۆرەکانی ئەم گەروونە پێیان ناشارێتەوە

بێ دەنگ مەبە

لەم رۆژگارمدا ئایەتێکی عەشق بۆ ئەم مرۆڤە بچوکانە
بنێرە خوارەوە
ئایەتێک باس لە کۆتایی ئەم چیرۆکە نە بڕاوەیەی
عەشقەکەی من و حیکمەتەکانت بکات
ئایە تێک باس لە گەرانەوەی فریادرەسەکانی ئەم ئاینەو
چوونەوە سەر نوێژەکانی ئەم باوەڕە بێت
ئایەتێک باس لە دوایەمین ساتەکانی تەنیایی و
کۆتایی هێنان بێت بەم فرمێسکە نەبراوەیەی
کە ئەم وەرزەی بە ئێمە بەخشی
لەو تاقی کردنەوانەی عەشق و وەرگرتنی دوایەمین
بڕوانامەی ئەم عەقیدەیە...





# شیعرێك لە ئێوارەیەکی زستان

بەپەلە پرۆزکێ بەدەم سیگار کێشانەوە هاتم بۆ لای ئەستێرەکان
بەدەم چاوەڕوانی بوراق و
هەنگاوە کانم لە جەنگەڵەوە
ئەو ئەستێرانەی باشترین خەلاَتی سیناریوی عەشقیان بەمندا
ئەو ئەستێرانەی
دیاری دوایەمین سوارچاکی کۆیلە کانی ماچیان بەمندا
ئەو ئەستێرانەی
تاڵە قژە ئاڵۆسکاوەکانی یەکەمین سەفیری عەشق و
نینۆکی دەستی یەکەمین سۆزانیان بە من بەخشی
لەو ئێوارەیە دا ، گەلێک لە دوت گەڕام
وەک مناڵێک لە کۆڵانە تەسکەکانی شار
بووکە شووشەکەی بزر کربێ
وەک پیاوێک لەناوەڕاستی شاردا
هەواڵێ مردنی پاڵە وانی خەونەکانی بیستبێ
وەک پیرە مێردێکی گوناهبار
چاوەڕوانی فریاد رەسێ بێ
بەرەولاَی فرشیتەیەکی پەمەیی بەرێت
ئەو ئێوارەیە

گەلێک لە دوت گەڕام

تۆم دی

لەگەڵ هاورێکانت (مانگ) تان دەدواند

باسی فڕین بە باڵەکانی پەپولەی رەنگ برۆنزی

باسی دروست کردنی نشمانێک

بە ئارەزووی گولاڵە سورە و

دروست کردنی ئاسمانێک لە هەوری مۆر

نا ... من چیدی گوێ ناگرم

ئەی مانگ

نوکتە کانتم بۆ مەگێرەوە، چونکە من

وابە سانایی وەک کچانی نشتمان پێناکەنم.

بەسەر هاتەکانتم بۆ باس مەکە

نەبادا

لەدالغەلێدان بە دەم رۆشتنمەوە، شمشێرێکی ۆێلم بەرکەوێت

کاتی سەماکردنم لەگەڵ پەپۆلان

رەنگی خۆشەبەختی مەنوێنەو

دۆزەخێکی ترم بۆ دروست مەکە

ئەی مانگ

برۆ، من دەموێت مۆمە تەنهاکان داگیر سێنم

ئەو مۆمانەی دەستیان بە ووشە تەلسیماوەکان وە گرت

چونکە من چیدی بەرگەی ئەو ئازارانە ناگرم



ئازاری ووشەکانی کچانی زنکۆ بەرامبەر بە عاشقێک

ئەو ووشانەی وەک تیر

هەناوت بە چارچە پارچە کراوی دە داتەوە دەست

تەواو لەچەند چرکەیەک زیاتر

کات نەماوە

ئەمرم لەگەڵ خۆشمدا

نهێنی شەرەفی ئەم شەتیانە

بەرەو نشتمانی ئازادی دەبەم و

رازی ئەم پەپولە شەرمندانەش دەگەیەنمە جێی خۆی

خواستی رازی بوونی کچێکیش، بەگۆڕینەوەی پەڕە گولێکی ئێواران

داوادەکەم

ناتۆ نەتهێشت

ئەو دەمە میلی سەعاتەکەت و

شەمەندەفەری رێگا دوورەکانت بە پەنجە تووتەیەک راوەستاند

لە ئاوڕ دانەوەیەکدا هاوریّ نەتهێشت

جەستەیەک لە دوانە ئوکسیدی پەپولەو

یەکەم ئۆکسیدی مرۆڤ بۆ خۆم وەدۆزم

یان بیدەمە کرد

لای بەرگرووە کوێرەکانی ناو بازاڕ

ئەو دەمە تۆ نەتهێشت

وەک رەبەنەکانی کڵێسا ،

**بە پاکیزەییمەوە بمێنم**

**تۆش وەک من لەئەستێرە زیاتر**

**هیچت لانەما**

**ئەستیرەیەکی سپی و یەکێکی رەساسی**

**بەشێوەی ، تۆو ئەستێرەکانی هاوڕێت**

**بەدەم رێگا رەنگا و رەنگە کانتانەوە**

**پاش کەمێک لەدوورەوە ونبوون.. بە شوێن پێ تەماویەکانی ئێوارەدا**

**رۆیشتیت**

**پاش کەمێک.. بەو .. هەنگاوانەدا رۆیشتی کەمن**

**لەبەر جەلادە گوندنشینەکان جورئەکم نەکرد**

**پیایدا راگوزەرێم**

**تۆش بە ئەسپێکی باڵدار**

**بەرەو پەناگەکەت و بۆلانی قەڵەمە بچوکەکەت گەرایتەوە**

**منیش بەدەم داگیرساندنی دووەمین سیگارمەوە بەپەلەپروزکێ**

**ئەستێرەیەک پێی ووتم**

**ئەی عاشقە سەرما بردەڵەکە**

**تۆ و ئەو هەریەکەتان دوو دەستە ئەستێرەی عاشقتان هەبوو**

**ئەوان لەبەردەم من دا**

**بەتیلەی چاو**

**مەوعیدی قاوە خواردنەوەیان لەگەڵ یەکدی دائەنا و**

**من وتۆش رۆشتین بەرێگەی خۆمانەوە**

**رۆحمان لەگەڵ هیچ کاممان نەهات و لەو حەشاماتەدا لەوێ مانەوە**



# لەوێوە دێم

**لەو دیو درگاکانی مردنەوە**

**تۆ دەڵێ ی چۆنی هاورێم هاوڕێ ..منیش دەڵێم چۆنیت هاورێم**

**تۆنەکانی دەنگمان لەو دیو**

**یەکتر ناسینەوە کاڵتر دەبێتەوە**

**سەرۆک چۆن لێت زویر نەبم**

**کاتێ دووعای رەشی گوڵەکانتم**

**لە باوەشتا دۆزیەوە**

**من وتۆش جارە جارە پێکەوە دەنرکێنین**

**دەدەی تا سێ دەژمێرم و لەو دیو تەمەنمەوە بانگم کە**

**تا دە دەژمێرم و لەو دیو تەنیانیمە وە پەنامدە**

**تۆ، ببەرە فریاد رەسێ و**

**لەم نامۆیی یە رزگارم کە**

**من ئەتوانم خۆشم بوێت**

**چونکە دەتوانم بە زمانی گوڵ بنووسم**

**چونکە هەرکاتێ لە نەستمدا دەت بینم مەی دەنۆشم**

**ئیدی لەم کۆتایی یانەدا**

**من نیگەرانی رۆژێکم کە من و تۆ نەتوانین**

**لە کۆلاَنێکی ژوواندا، بەیەکدی دا هەڵزنێین**

# رۆژێك لە عەشق

ڕۆژێکی نوێ، وێنەیەک لە جانتاکەمدا دنیایەک هێما دەنوێنێ
تەلەفونەکە هەڵدەگرم و زەنگێکت بۆ لێ دەدەم
تۆ لەوێ نیت، لەچاوەروانی تۆدا دووبارە دەکەمەوە نووسین
لە چاوەروانی تۆدا من دووبارە دەکەمەوە مەی نۆشین
لە کوێت ئازیزم، کاتژمێرەکەم رادەگرم، دەدەی
لەودیو زەمەنەوە بانگم کە،
سەر دەنێمە نێو ئەژنۆکانم و
لەودیو تەنهاییمەوە پەنامدە،
کات هەر دەرواو من هەر پیرتر دەبم،
چارە نییە دەبێ زەمەن رابگرین،
نیو سەدە چەندە کەمە بۆ خۆشویستن
نیو سەدە گەلێ کەمە بۆ دڵداری،
من لە تۆدا لە بۆ عەشق شت دەنوسم
لە تۆدا دووبارە دڵم دەژێنمەوە، هەر چاوەرێم، دەدەی بانگم کە
(سەرنجەکەم) هیندەی ئاسۆکانی خۆشویستن خۆشتم دەوێ
هێندەی چوونە ناو فیردەوس حەزم لێتە
تۆ لەو خەیاڵانە دەچیت کە ساتەکانی مەست بوون دێنە بەر چاو
خەیاڵێک کە سەراپا پڕە لە خەونی ڕاستەقینە



کە پڕە لە ئەندێشە بۆ جوانکردنی دنیاکەمان، کە پڕە لە حەز
تۆ دەستەکانم دەخوێنیتەوە، داهاتوم پرشنگدار دەکەیت
خەونەکانم پەمەیی دەکەیت، ئەی شازادەترین هاورێی ژینم
لە تۆدا مەودا بۆنووسین نیە، خەونەکان گەلێ زۆرن
ئەو پلانانەی کە بۆ عەشق هەمانە ڕەنگاڵیین
لە تۆدا ئاسۆیەکی جوان دەبینرێ و
رق بەرامبەر وەرزەکانی تەمەن دامناپۆشێت،
تۆ ئەو کچەیت کە سەراپای ژیانم پر دەکەیت لە ماچ و
سەراپای تەمەنم پر دەکەیت لە خۆشەویستی
تۆ ئەو کچەیت کە یادگارییە تاڵەکانم
بۆ دەگۆڕیتەوە بە چرکەساتی وەنەوشەیی



# لەو دیو دیوارەکانی هیوا بوونەوە بۆت دەگەڕێم

**لەو دیو بانێژەکانی مردن و**

**ئێوارەکانی ژووان.**

**ژیان بەدەر لەفیتنەیەکی جوان و**

**ئێغراکردنێکی ئیرۆسیانە**

**چیدی تر نییە**

**لەو دیو دووبارە بوونەوە شتی نوێ بەدی ناکەین و**

**کۆنەکان لە قالبێکی تازادە دەبینینەوە**

**دیتنی تۆ لە ئێوارەیەکی وادا**

**رۆژێکی گرنگ لە مێژوو و لە شیعر و**

**لە دایک بووی عەشقە**

**ئەو دەمەی کاتێک بۆ قاوە خواردنەوە و**

**جێ یەک بۆ ژووان لەسەر زەمین دەست ناکەوێت؟**

**چ هیچە ژیان**

**من وتۆ ناتوانین لەو دیو سێدارە ئاسنینە کانەوە تەماشای یەکتر بکەین**

**من وتۆ ناتوانین لەو دیو زەمەنەوە بانگی یەکتر بکەین**

**عەشق لە درۆێنەکردن کورێنی من و**

**قەیرەیەتی تۆوە دەستی پێ دەکات**



**شیعر ئەو ساتە لە دایک دەبێت کە تۆ، کەمن**

**ناتوانین لەئامێزی بادا سەما بکەین...**

**گلەیی لە گەردون ئەوساتانە دروست ئەبێ**

**گە هیچ شێک بۆ یەکێک دروست نەکراوە**

**من خۆزگە بەتۆ دەخوازم**

**تۆش بە من**

**من هەتا بەرز ببمەوە حەزم لەبەرزترە**

**بەڵام دڵنیات دەکەمەوە**

**گەر بە خەیاڵیش بێت ئەو نیشتمانەمان بنیاو ناوە**

**ئێواران زەنگیکت بۆ لێ دەدەم**

**زۆرترین سۆزە ئەفلاتونیەکانی خۆمت بۆ دە گوازمەوە**

**تۆش بەرەبەنی خۆتەوە لەناو دارستانەکانی قەیرەیەتیدا**

**وەک بەر بەریەکی عاشق دەگوزەرێێت**

# یادەوەرییەکان لەگەڵ تۆدا

**هەر چەند رەبەنیت دەبینم**
**رۆدەچمە ناو زەوی**
**کە سیمات بەدی دەکەم**
**شەرم دەمگرێ**
**دوعای بەختێکی باشت بۆ دەکەم**
**کە تۆ دەبینم**
**تنۆک تنۆک**
**دەچۆرێمە ناو خاک**
**نازانم چی چاوەرێمان دەکات؟**
**بەچ شەمەندۆفێرێ دەرۆین و**
**لە کوێ دەماننێژن ؟!**
**وەرە باعەشق بنێژین**
**تۆ شازادەی عاشقەکانی ئێرەیت**
**من حەکیمی خەڵکم**
**نەک هی برینەکانی خۆم**
**من ئەو چاوانەت دەناسمەوە**
**تۆش دەنگی تەپەی پێم**
**ئەو رۆژانەش لە یادگارەکانی نەستدا دەمێنێتەوە**



# بینینەکانی من و تۆ

**هەست کردنێکی زۆر جیاوازترە**
**بۆنی جوانیەکانی بەهەشتە؟**
**لەو باوەرەدام چاوی من جیاوازترە لە چاوەکانی تر**
**بەوەی هەندێ شرتی نەبیزاو دەبینێ..**
**ئای لە دەرون و رۆح و شەرەف**
**ئێمەیان تەنیووە..**
**ئای لە موحبەت مانای چیە؟**
**من وتۆ دەستی یەکدی دەگرین و سەما دەکەین**
**گوێ نادەینە هیچ..**
**من وتۆ دەبینە دوو پەپولەو پێکەوە گۆرانی دەڵێین**
**من وتۆ پێکەوە دەبینە نێگەتیفی یەکو سەیری یەکدی دەکەین**
**چەند هەستێکی سەیرە...؟**
**چەند دەروونێکی پاکە.. چەند بێگەردی لەم ناوەدا دەژی**
**کەس هەیە من وەکو مرۆڤێکی تر ببینێ**
**تۆ منت بە سەرەتاکانی رۆمانسیەت ناساند**
**ئەمەوێت لەتەکدا بژیم و هەناسە بدەم**
**ئەمەوێت لەبەر باراندا جەستەمان پێکەوە راموسێن**

# ئەمشەو

**ئەزیزم**

**ئەمشەو لەنێو ساباتەکاتی تۆ و**

**مەستیەکانی خۆمدا بۆ دەستە بچوکەکانت دەگەڕام**

**گەرەکم بوو**

**لەسەر مێزی خوانی ماچێک**

**پێکەوە لەگەڵ کۆترو دەنکە هەنارێک**

**لەگەڵ عەشق وعاتیفەی ئێوارانێک**

**پیاڵەیەک شەراب هەڵدەین**





# لەسەر لاپەڕەیەکی گوناهبار ئەم پەیڤانە نووسرابوون

**لە ئێوارەیەکی شووما پێت شادبووم هاوڕێ**

**سێ سەدە بەدیار ئەم ئاوابوونەوە**

**لەژێر ڕەشماڵی چاوەڕوانیە کا .. بە دیار تەوە ..**

**خۆم وشعرەکانم وسیگارەکانم دانشتووین**

**سێ سەدە ماوەیەکی کورت ئاوابوونێکی درێژ**

**تۆ وەک پێغەمبەرێکی بێ بەرماڵ و**

**وەک کاهێنکی لەش پیس بەرەو رووم هاتی**

**تابوینکت بۆ قەبرەکەم و کفنێکی تاڵتونیت بۆ**

**جەستەم هێنا ..**

**تۆ ئایەتێکت بۆ سوتانی شیعرەکانم و**

**پەڤێکی گوناهبارت بۆ ئازاردانی ڕۆحم پێ بوو**

**تۆ دڕکی گوڵە باخێک و پەساپۆرتی عەشقێکی تەزویرت**

**بۆ من هێنا بوو**

**دڕکە کە بۆ بەرباخەڵم و پەساپۆرتەکەش بۆ کۆچەکەم**

**بەڵام  بەر لەئاوابوون و**

**کۆتاییەکانی ڕۆژ بە دەستی ئەم گڵاوانە**

**تۆ نەتتوانی وەک پەپولەیەکی دڵ ڕەقی چکۆلە**

**بۆنی چڵێ نێرگزی نشتمان بکەیت**

**نەت  توانی وەک سۆزانیەک لەبەر ئاوێنە کاندا پێ بکەنی**

تۆ وەک پشیلە سپڵەکانی شەو

دوای بۆنی ئێسقانەکانم کەو تبوویت

وەک سەماکەرێکی بێ عەقل کە دوای لۆردێک دەکەوێت

تۆ وەک مرۆڤێکی بێسەرە و بەرە

دوای من کەوتبوویت

خەیاڵێ شەوێکی قەترانی پێ بکەیت

ئەی لە هیچ هیچ تر

تۆ وەک هەناری گەنیوو بەرەشەباکانی پیسی

وەک چرکەی ماچی قەحبەیەک بوویت و بڕایتەوە

تۆ وەک

دایکێکی بێ حەو سەڵەو

مامۆستایەکی حەیزەران بەدەست

وابوویت ..............

وەک دەستەسرێکی چڵکن بوویت وفرێمدایتە

زیڵخانەکانی مێژووە وە .................

لەسەر ئەم ئەم لاپەرە گوناهبارە و

بەقەڵمە گوناهبارەکەشم

ئەم پەیڤانەم بەر لەئاوا بوون بۆ نوسیتوە



## بیٚ ی ووتم

گەر لە دڵتا هەڵم ناگری — لە چاوانت دەرم بێتە

گەر گوڵێ عەشقم راناگری — واز لە باخی دڵم بێنە

## پیٚم ووت

لە چاوانما دەتپارێزم — لە دڵمدا هەڵت دەگرم

لەباخی دڵتدا دەژیم — گوڵێ عەشقت رادەگرم

## خۆشبەختی لە کوێیە

**خۆشبەختی لە کوێیە؟**
**من وتۆ نەبوینە ئیرۆسی یەکتر و**
**نە منداڵیمان منالیٚ**
**نە گە نجیمان گەنجی و**
**نە پیریشمان پیری بوو**
**نەمن بە پاکیزەیی دەمێنمەوە**
**نە تۆش باشترین هاورێت دۆزیوەتەوە**
**نەمن دەگەم بە کۆتایی ماچ**
**نەتۆش لە من تیٚ دەگەیت**

## تۆ ئەی ژن

**لەناو ئەم جەستە ئەفسوناوی یە**
**ئەو پاڵەوانە نشتەجێی کامێک لە گۆشکە گەورەکانی**
**ناو ئەم شەوە زەنگەیە؟**
**تۆ لەچ مەملەکە تێکەوە هاتوویت؟**
**کە لێت نزیک دەبمەوە**
**رۆحم بیٚ باک دەبێت لە جەنگەکانی ناو خۆم**
**بیٚ باک دەبم لەبیر کردنەوەی لە دوا چرکەکانی مردن**



## کە تۆ دێیت

**بەدەم ئێوارەکی تەنهاوە دێیت**
**لەگەڵ زەردەخەنەی پەریەکی بە هەشت**
**من دەڵێم چۆنی هاورێم**
**تۆش دەڵیٚ ی چۆنی هاورێم**
**تۆ لەگەڵ لێدانی یەکەمین شڵپەی ماچدا ڕادەچڵەکیت**
**من دەمەویٚ بگەمە بەرزترین لوتکە ی مەمک**
**تۆ رۆحت ئازاد دەکەیت**
**من نشتمانەکەت داگیر دەکەم**
**من ئەتوانم خۆشم بۆییت**
**چونکە لەگەڵ رەشەباکاندا هاوڕێم**
**چونکە حەزم لە بۆنی ماچ و رەفتە پەمەیی یەکانتە**

**شەراب ناخۆمەوە**
**عەشقیش بە مەستی خۆشە**
**لەکاتی مەستیم دا دێیە هزرم دەرگاکانم لیٚ دادەخەیت**
**تۆ حەکیمی باخچە کانی عەشق و**
**من دەرۆیشی ئەو باڵایانەم**

# یەکەمین ژووان

چەندە خۆشە لەگەڵ تۆدا بوون
دوای گەیشتن بە تەماویترین بە
شەر مندەترین سیما
نیگای چاوەکانمان تێکەڵاو دەبێت
هیوامان زۆرە
لەبەرزترین لوتکەدا بۆت دەنووسم
بە هەموو تەمەنم لە تۆ زیاتر فرشیتەیەک
بەسەر ئاسمانی نشتمانەکەمدا نەفڕیوە
ئەی فریشتە رەشپۆشەکەی من
لەگەڵ تۆدا بوون کۆتایی ناخۆشیەکانە
وەک دانشتنە لە خێوەتەکانی فیردەوسدا
لێت تێ دەگەم
دەزانم دڵت چی دەڵێت
دەزانم چۆن لە پانتاییەکانی رۆحمدا گوزەردەکەیت
دەزانم چەندە هیواو چەندە خەمت هەیە
من لەبەر دەرگای ئێوەدا بۆ یەکەمین جار
فێری نیگاکانی بەرائەت بووم
فێری ئەوە بووم کە لەسەر بەرزاییە کانەوە



هاوار بکەم خۆشم ئەوێت
فێری ئەوە بووم لەبەرامبەرت دابنیشم وشیعر بنووسم
فێری ئەوەش بووم کە لە نزیکتدا بەزمانی گوڵ
لەگەڵت قسان بکەم
من وتۆ لە گۆماوێکیداین ئێوانمان بە ئاو دەورەدراوە
چاوەرێمکە دیمەلات



# نزایەك بۆ رۆحی زارا

**زارا گیان بەرەبەیان چۆلەکەیە بێ ووتم**
**راخەرێ لە وەی کیسرات بیر نەچێ کەهاتیەوە**
**بەس با توکەکانی وەک پوش ئازارم نەدات.**
**نیوەرۆش منالی لە بەردەرگا پێ ووتم**
**کولێک پەرەکەی لە ئالتون بێت**
**بیرت نەچێ کەهاتیەوە**
**ئێوارە بوو پیرە مێردێک ووتی**
**گرامێک خۆشەویستی پاک بیرت نەچێ کە هاتیەوە**
**بەدیاری بۆ زارای بهێنە**
**شەو بوو ژنێک بەدەم قریژکەوە پێی ووتم**
**بیرت نەچێ ئێوارە بەخەندەیەک لە خەندەکانی فریشەکانی**
**بەهەشتەوە بێیتەوە**
**لە خەونمدا پێغەمبەری عەشق ووتی بیرت نەچێ سبەی**
**ئێوارە تۆپەڵی فرمێسک بخەرە گیرفانتەوە**
**زارا گیان بەدەم هەنگاوەکانمەوە وەشێت**
**ئەگەڕام بۆ راخەڕ و سەوام کرد و هێنام**
**هەنسکم دەدا، دڵم تەنگ ببوو**
**ئای زارا گیان**



**دامنابوو بێمەوە لات**
**ئای زارا گیان**
**بەر لەوەی بێمەوە**
**پێیان ووتم زارا ئیمشەو میوانی ئەستێرەکانە**
**ئای کەڕۆژێکی ناخۆش بوو**
**ئەو دەمە ژیانم وەک دوکەڵی گەرماوەتاریکەکانی شار دەدی**
**ئەو دەمە عەشق وەک فردیا دەرسێکی وەستاو**
**لە سەر بانیژەکە دەدی**
**ئەو دەمە شیعر وەک منالێ دەگریا بۆ مەمک**
**ئەو دەمە رۆح دەیگوت لە زیندانەکانی جەستە رزگارم کە**
**ئای زارا گیان**
**هاتمەوە بەشتەکانمەوە تۆ لە سەفەر هاتیتەوە**
**رۆحت دانا تا لە بەردەم خوا لە باوەشت کەم**
**شعرەکانت دانا تا لە دوای دایکم بیکەم دایکی خۆم**
**بۆنەکانت دانا تا لەشەوانا بێ دەنگ هێدی هێدی بۆنی**
**قەراغ شووشەکانی بکەم**
**ماسکاراکانت دانا تا لە بەردەم ئەم جەلادانەدا**
**چاومی پێ رەش کەم**
**تۆ قەڵەمە کریستاڵیەکانت بۆ دانام**
**داشیعرە قژ ژاکاوەکانی پێ بنوسم**
**تۆ لە دوایەمین دیداردا پێت ووتم**

جارە جارە دێمە وەلات

بەڵام بمبەخشە

عەشق تەمەنێکی کورت و نەمریەکی درێژی هەیە

درێژتر لە تەمەن لە دۆزەخدا

درێژ تر لە تاڵە سحراوی یەکانی پرچی یەکەم پیاوی عاشق

درێژ لە سەعاتی هەموو ئەو جارانەی لە ئامێزم گرتوویت و لەئامێزت

دەگرم

بۆ هەتا هەتایە





# یەکەمین نیگا

لە یەکەمین نیگاوە

رۆحێکم دەدی تا سەر ئێسقان عاشق

تا سەر ئیشقان یاخی

دەیوەست وەک زاهیدێک

وانەکانی ئەم ئاینە ئیرۆسیەمان فێرکات

سەیر کە

چ جوانیەکە لە ژیاندا عاشق بوون

چونکە بە جۆرێکی تر لە مرۆڤ دەڕوانین

چونکە بەجۆرێکی تر

بیر لە رۆحیانەتە تینوەکانمان دەکەینەوە و

بە جۆرێکی تر ما چی یەکتر دەکەین

چونکە لە گەڵ یەکدیدا

بەزمانی پەپولە و گوڵ دەدوێین

عاشق بەسەر هەموو دیوارەکانی شەرەفدا دەگوزەرێ

دەگەرێ بۆ بستێک ئارامی

تیایدا ماچی مەعشوقەکەی بکات

من دەتوانم خۆشم بوێت

دەتوانم لە بەرچاوانتدا بمرم

چونکە لە یەکەمین نیگاوە رۆحمان بوون بە هاورێ دوایش جەستە.

# له ئێوارەیەکی قژ ئاڵۆسکاو

**له ئێوارەیەکی قژ ئاڵۆسکاو**
**لەگەڵ تەپەی پێی کائینەکانی دەوروبەر**
**بەدەم هەنسکدانەوە رۆشتم..**
**ئەو هەنسکانەی کە لەگەڵ دروست بونمدا هێما بوون**
**بۆ تەنهایی و..**
**ئەو تەنهایی یانەی لەگەڵ چاو هەڵهێنانی**
**یەکەمین بونەوەری باڵدار**
**بەسەر رۆحماندا دابەشکرا**
**ئای تەنهایی چەند تەنهایت**
**تۆ نەتتوانی مانگم پێ بناسێنی لەشەوەزەنگێکی شووم..**
**کاتێک عەشقیان هەراج کرد**
**تۆ نەتتوانی ئەو سیمایانەم پێ ئاشنا بکەیت کە ژەنەراڵ**
**لەلای خۆی هەڵی گرتبوو**
**منیش وەک نابەڵەدێ لە ئێوارەیا**
**دوای یار کەوتم**
**وەک دەستە ساردەکانی منالێکی نشتمان**
**بەعەباکەی دایکییەوە...**
**دوای یار کەوتم**



**دوای یار کەوتم**
**وەک دوا کەوتنی کچێکی پاکیزە .. بە دوای**
**دەستە پرۆرگاویەکانی ژنێکی کۆچەری**
**لە ترسی شەرەفی**
**دوات کەوتم**
**وەک راکردنی کۆیلەیەک بە دوای ئەو کەشتیانەی**
**بەرە و نیشتمانێکی تر دەرۆن**
**من زۆر بە دواتدا هاتم**
**جەستەی خۆم وەک مانگ بۆ لەت کردیت**
**رۆحم وەک پاسەوان بە دیاری بۆ هێنایت**
**ناخم لەسەر سینی یەک گرت بە دەستمەوە**
**وەک سینی ئەو شاگرادانەی شەوان**
**لە گەل رەشەباکاندا بەرە و ماڵە باوان دەگرێنەوە**
**شەرانگێز مەبە**
**خنکانی خەندەیەکی جوان لە گەروتا تاوانێکە**
**بەرامبەر چرکەیەک لە خۆشیەکانی**
**زەمەن..**
**ئەو چرکانەی کاتیان کەمە**
**وەک کاتی تەواو بوونی لە ئامێز گرتنی دایکێک**
**وەک کاتی بۆنکردنی گولێک**
**وەک کاتی سەیر کردنی زەردەیەک..**


ئیستاش بەرە ولات هەنگاو دەنێم و

دوات دەکەومەوە..

منیش بۆنی تۆم کردووە وەک بۆنی کراسەکەی یوسف بۆ باوکی

دڵنیام هەرگیز ناتوانم ڕێگا بە خۆم بدەم

برۆم...دڵنیام...





# هاورێ

ئەم نزاسپییانەم بۆرۆحیانەتی عەشق بەرز ئەکەمەوە

ماچەکانی سەر گومەز و دانیشتنەکانی ئێوارەمی

بۆ ئەنێرم..

ئەم نشتمانە وەهی یانەمی بۆ ئەنێرم کەمن

بەدوای ئاسمانێکی نوێدا دەگەرێم

ئەم شیعرانەمی بۆ ئەنێرم کە بۆ ئەستێرە تەنها کانم نووسیوە

ئەو ئەستێرانەی لە تەنهایی مندا خۆیان بەمەغدور ئەزانن

ئەی ئەمیرم

لەم رۆژگاری ئەم غەریبیە ئەفسانەییەدا.. لەم نزایانە

بێ دەنگ مەبە..

بێ دەنگ مەبە لەو دوعایانەی نووسینەکانیان خوێنی ئەم مرۆڤە

تەنهایانە و تەلیسمەکانیان ماچە

بێ دەنگ مەبە لەو هاوارانەی دەنگەکانی لە دەنگی ئەم فریشتە

جەرگ سوتاوانە بەتین ترە و

هەموو ئیمپراتۆرەکانی ئەم گەردوونە

پێیان ناشرێتەوە

بێ دەنگ مەبە

لەم رۆژگارەدا ئایەتێکی عەشق بۆ ئەم مرۆڤە بچوکانە

بنێرە خوارەوە

ئایەتێک باس لە کۆتایی ئەم چیرۆکە نەبڕوایەی
عەشقەکەی من و حیکمەتەکانت بکات
ئایەتێک باس لە گەرانەوەی فریاد رەسەکانی ئەم ئاینە و
چوونە سەر لۆژیکەکانی ئەم باوەڕە بێت
ئایەتێک باس لە دوایەمین ساتەکانی تەنیایی و
کۆتایی هێنان بێت بەم فرمێسکە نەبڕوەیە





# وەڵام

ئەی یار  من و تۆ
دوو پیادەی ئەم جەنگەڵەین
نازانین کەی ئەم رێیە ناکۆتایە تەواو ئەبێ
نازانین تاکەی ئەم نزایانە بۆ لای ئەم نێراوە بەردەوام ئەبێ
نازانین تاکەی ئەم گریانە فرمێسکەکانی دێتە قسەو ئەڵێ بەسە؟!
مەگرین...
ئەی لە نەورەس نەورەستر
من نازانم تاکەی بەدیار وادەی
ئەم دروینە کردنەی کوڕێنی خۆمەوە
دانیشم..
نازانم تاکەی بە دیار ئەم مۆسیقای جەنگ و
ئەم سرووتەی نەنیەوایەوە گوێ شلەکەم
نازانم تاکەی بەدیار کردنەوەی ئەم گوڵاڵە سورانە و
لێکردنەوەی پەرەکانیانەوە پاسەوان بم؟؟
من وەچەی ئەو مرۆڤانەی بارگرانن..
بارگراننن لە عەشق
لە ژیان لە جوانی
لەژێر ئەو دەرختانەیا ئەمرم کە رۆژێ سلاوی لێت کردووە..

ئەی شازادەترین فریشتەی ئەم دەڤەرە
من نازانم تۆکەی لە زمانی ئەم کاهێنانە تێ ئەگەیت
من نازانم کەی لەحیلەی ئەم ئەسپانەی خەیاڵ و
لەبزەی چاوی
ئەم سۆزانیانە تێ ئەکەیت..
من نازانم تۆ کەی لە زمانی ئەم شیعرە تەنهایانە و
ئەم داستانە بێ وێنانەی شەو تێ ئەگەیت
ئەو داستانانەی
پاڵەوانەکانیان ئەم مرۆڤە بچوکەی
لای منە و
ئەسپەکانیان بە خەیاڵ دروستم کردوون
من نازانم تۆ کەی لەم جەنگە بێ دەنگە حاڵی ئەبی
ئەو جەنگەی سەرکەوتنی...
جوانکردنی زیندەگی و
دۆراندنی بوون بە حەکیمی ئەم نیشتمانەیە
ئەو جەنگەی کە هەر بەردەوامە
لەگەڵ بەردەوام بوونی
هەڵقولانەکانی رۆح و
فیتنەکانی شەهوەت .



# ڤالانتاین

بۆ جەژنی ڤالانتاین
تۆ لە گولاوی سینەت و
من لە بۆنی سنگی نێرە پیاویم
عەتر دەگۆڕینەوە
درۆیە ئەو قسەیەی کە دەڵێ
"عەتر بۆ عەشق، بۆ دیاری عاشقەکان، ناشێ
دەدەی.. لەو دیو خەزانەوە بانگم کە
تۆ لەم دارستانی قەدەرە تێ ناگەیت
تا تەلیسمەکانی بە پیاو بوونی خۆمت بۆ روون بکەمەوە
لەم جەستە شەهوانیانە حاڵی نابیت
تا پێت بڵێم خۆشەویستی چی یە؟!
نا تۆ هەرگیز
لەوەنەوزی مراوی یەکان و
لە ترسەکانی باوەگەورە و
لە نهێنیەکانی بەراباران
تێنەگەیشتویت و تیش ناگەیت
چ جا لە من
لە جەستەیەکی تەڕۆ شێدار
لە جەستەیەکی لێوان لێو لە تەنیایی

# رۆحی من و تۆ

من بەدەم هەناسەکانی گەنجیمەوە

تۆ بەدەم قەیرەیی مەمکەکانت

من دەمەوێت ئەم ئاسمانانە بە فڵچەکانم رەنگا ورەنگ بکەم

تۆ دەتەوێت چیایەک بۆ ئازاد بوونی من و

دەریایەک بۆ فەنابوونی عەشق دروست بکەیت

ئەگەر من وتۆ باڵدار بووینایە بەهەناسەی نێرایەتێمەوە

کڵۆمم دەدایت

ئەگەر من وتۆ ئەستێرەیەکی بەر باران بوونیایە

دەم کشاندێت

نشتمانەکەتم دەگرت و

ماچێکم دەکردیت



# جەنگاوەر

من وەک جەنگاوەرێکی بێ ناسنامە

دەمەوێت بەدوای ناونیشانی خۆمدا بگەرێم

پێویستم بە جەستەتە

تا جوگرافیا نشتمانەکەمی پێ بدۆزمەوە

# ماچ

ئەمەوێت بفڕم بەرەو کانیەکانی ماچ و

سلاو لە گوڵەکان بکەم

هەنگێکی سپی

بەسەر گوڵاڵە سورەیەکەوە وەستاوە

گەرەکێتی لە بڕیارەکەم پەشیمان ببمەوە

تا ئەو، لێوی گوڵەکە بمژێ و

ماچێکی بکات

# که تەنهاییت دەبینم

ئەو ساتانەی بیر لە تۆ ئەکەمەوە
پڕ دەبم لە شیعر
پڕ دەبم لە تنۆکی سۆزە ئیرۆسیەکان و
ئەو زمانەی کە عاشقەکان پێ دەدوێن
گەلێ غەریبیت دەکەم
هەمیشە چاوم لە رێیە،
بۆ چریەک بێت ئەو سیما تەماویەت ببینم
گەلێ لێوان لێوم لە شیعر
ئێواران کە ڕەفتە بەسەرێک دەبینم
بەخەیاڵی تۆوە
لێی دەڕوانم، نیگای دەکەم
عەشق ئەو شتەیە کە فەنا نابێت و
هەتا تاکە عاشقێ مابێت
عەشقیت دەمێنێ
ئیمرۆکە لە شیعر زیاتر هیچ شتک نابەم
تینوێتی ئەم غەریبی یە بشکێنێ
لە یادەوەریەکانت زیاتر هیچ شک نایەم
لە تەنیایمدا



وەکو هاورێ یەک لەگەڵم دانیشێ
لە تۆ زیاتر کەس شک نابەم
بتۆانم ئەم ووشانەی بۆ بخەمە سەر کاغەز و
میوانی پێکەکانی ئێوارەیەکی پڕ لە بێزاری بیت.



# ساتەكانی پێكەوە بوون

چەندە جوانە لەگەڵ تۆدا بوون

کاتێک لە دوورەوە بەدیت دەکەم

چەندە لام جوانە زیندەگی

ئەی تاقانەترین ئەندێشەی ناو خەیاڵی من

ئەی ناسکترین مرۆڤی سەر ڕووی زەوی

من دەمەوێت لەناو دەستەكانمدا پەنات بەم

دەمەوێ لەگەڵ تۆدا عەشق بازی بکەم

لەتۆدا من دووبارە ئاشنا دەبمەوە بە هیواکان

لە تۆدا من دووبارە شیعر بۆ عەشق دەنوسم

دێمە لات

لەوێ دوور لە هەموو بەنی ئادەمێ

دەستی یەک دەگرین بەرەو پارکەکانی(ئۆکڵن)دەڕۆین

لەوێ ئەو ینامانە دەخوێنینەوە کە گۆڕیومانەتەوە

سەیری ئەو وێنانە دەکەین کە سەردەمانێک

بۆ یەکدیمان ناردووە

من دەتوانم بێ بێزاری

تائەبەد لات دانیشم



دەتوانم لە رۆحتدا ئەو حەزانە بەدی بکەم

کە ساڵانێک خەفە کرابوون

تۆ دووبارە شیعرم پێ دەناسێنیتەوە

لەگەڵ تۆدا

دووبارە لە ماناکانی هاوڕێیەتی دەگەم

ئەی ئەو کچەی تا ئەبەد هاوڕێیەتیت دەکەم

حەز ناکەم زەمەن وا بەخێرایی بە جێمان بهێڵێ

دەمەوێ چەند سەدەیەک خۆشم بوێیت

ئەی گوڵاڵە سورەکەی تەمەنی من

کە لەگەڵ تۆدا دەبم هەست بەبوونی عەشق دەکەم

هاوڕێکانم وون دەبن

تەنها لە نێو ئەلبوومەکاندا دەمێننەوە

بەڵام من تۆم لە رۆحمدا هەڵگرتووە

بۆیە هەردەم وەک جوانترین شۆخ لەلام دەمێنیتەوە

# رازەکانی ئێوارەیەکی بێ تۆیی

لە پاڵ دارهەنجیرەکەدا دانیشتووم لە خەڵوەتدا ، زەمەن راوەستاوە لای من ، چەند سەدەیەکە چاوم لەرێیە بفرم و بێم بۆ لات یان هەر قەدەرێک نزیکم بکاتەوە لێت ، چاوەروانم لە کێوە بەرزەکانەوە گوێم لە دەنگت بێت بانگم بکەیت ، ئیدی من فریادرەسێکم دەوێ تا بمگەیەنێتەلات ، ئیدی من جەستەم تەواو ووشک هەڵاتووە ، لەم دارستانەدا هەموو بوونەوەرەکانیش بەخەمم دەزانن ، لێشم تێدەگەن کە چەندە خەمم هەیە و ئەو ڕێگایەش چەندە ئاستەمە کە بۆلای ماڵی ئێوەوە دێت ئەزیزم ، ئەو ڕێگایە پڕە لەجەندرمە ، لە پازدار ، لە زۆر شت ، گەلێک سسەختە پڕە لە کەندەلان ، لەدەریا ، لەکەژوکێو ، دارهەنجیرەکەم دەزانم تۆش هەرچی لەدەستت هاتبایە دەتکرد ، تۆش قەدەر لە شوێنێکدا ڕواندوتی ، منیش لەتەنیایمدا وەک مرۆڤێکی سەراپا عاشق لەلات دانیشتووم ، لەخودا دەپاڕێمەوە من و تۆ نزیک بکاتەوە ، خۆم بەدار هەنجیرەکەدا هەڵدەزنم ، ئەویش وەک دایکێک ، وەک هاوڕێیەکی دڵسۆز ، هەست دەکەم لەباوەشم دەگرێ ، فرمێسک بۆ تونیاییم دەرێژێت ، فرمێسک بۆ ژیانی خۆم بۆ ژیانی کوڕەکەم دەرێژێت ، ڕۆحم گوێی لێ دەبێت کە پێمدەڵێت هاوڕێم لە چاوەروانی زیاتر هیچمان پێناکرێت ، گەر دوو



باڵم هەبوایە پێم دەبەخشیت ، گەر توانام هەبوایە لەبەر بینایی وونت بکەم لەسەر سنوورەکان وونم دەکردیت ، چاوەروانبە خۆ ئێمە تەمەنمان هەر دەروات و هەر دەروات ، گەر بتوانین کارێکی باش بکەین دەیکەین گەر نەشی کەین ، ئەوا تەمەنمان هەر دەروات و هەر دەروات ، ساتەکان کە لەلامان زۆر بوون و لێیان بێزار دەبووین , وەک خەون ڕۆیشتن ، ئەو کەسانەی کە دەمانناسین تەنها وێنەکانیان ماوەتەوە لەلامان ، بەڵێ منیش ئەو هاوڕێیەم گەرەکە کە تاکە کەسە لە جەنگەڵەکاندا پێکەوەین ، دێین ، دەڕۆن ، دادانیشین ، هەتا ئاوڕ دەدەینەوە چەندین گوڵ ، چەندین جەنگ ، چەندین ساڵمان تێپەراندووە ، منیش لە ئێستامدا ، لە بێئاگاییمدا ، بیردەکەمەوە چۆن چۆنی بتوانین پێک بگەین ، چۆن بەدوای وولاتێکی بێ ناونیشاندا بگەڕێین ، بیردەکەمەوە و چاوەڕێی بەزەیی خوداوەند دەکەین.

# که بیر لەتۆ دەکەمەوە

جوان دەبینم , گەشبین دەبم
که لێت دەڕوانم
خەندە دەمگرێ , دەتوانم هیوام هەبێت
ئەی شازادەکەم لە (ئۆکڵەند)
که بیر لە تۆ دەکەمەوە گوێ نادەمە پێشهاتەکان
تەنها دروستکردنی ڕەشماڵیک نەبێ بۆ زیندەگی
تەنها نیگایەک نەبێت بۆ شیعر نووسین
ئەی خاوەنی جوانترین بیرکردنەوە بۆ ژین
من لە تۆدا بەم پیرییەوە
هەست بە ئاسودەیی دەکەم
من لە تۆدا
پەنایەک دەدۆزم بۆ ئارامییەکانی ڕۆح
که بیرت لێدەکەمەوە بەرائەت بەدی ئەکەم
که لە پانتاییەکانی خەیاڵمدا گوزەر دەکەیت
دەتوانم لە بەرزترین لوتکەدا هاواربکەم خۆشم دەوێیت
تۆ لەو گولأنە دەچیت که لە شوێنە دوورە دەستەکاندا رووان
گەر پرشنگی تۆ لە ژیانمدا نەبێت ناتوانم بژیم
تۆ ئەو شەونمەیت که لە ڕۆحمدا دەژیت



تۆ ئەو کچەیت
که لەپانتاییەکانی ڕۆحمدا کڵۆمم داویت
که بیر لەتۆ دەکەمەوە ژیانم خۆش دەوێت
تۆ ئەو مرۆڤەیت که لەتەنیایی ڕزگارم دەکەیت
که دووبارە سەرەڕای یادگارییە تاڵەکان
ئاشنام دەکەیتەوە بە هیواکانی خۆشویستن



# من و دایکم

ئای دایە گیان

من و تۆ دوو بوونەوەری تەنهاین

لە سپێدەی بەیانیەکا بەناو بازنەکانی

ئەم نیشتمانە دەگوزەرێین

ئای دایە

من چیدی ناتوانم ئەم فرمێسکانەی ناوناخت کۆبکەمەوە

من واخەریکە لە دەریای دڵۆپدا

سەراپام تێکەڵ بە تەنهایی ئەبێت و

لەم شەوەزەنگانەدا تۆم بۆ نادۆزرێتەوە

دەپێم بڵێ

ئێمە لەناو ئەم خیابانەیا چ کارەین ؟

بەرەو کامە لوتکەو کامە درەخت بەڕێ دەکەوین؟

دایە گیان دەپێم بڵێ

کەی ئەم دڵۆپانە دێنەگۆ و

دەڵێن چیدی مەگرین

نا کەسمان لەیاسای ئەم مەملەکەتە تێناگەین

دائەنیشین دڵۆپمان لێئەچۆڕێت



هەڵئەستین ڕەشەباکانی نامۆ بوون ئەمانبات

لەخاچ ئەدرێین تەنهاییمان لێئەچۆڕپت

بمبەخشە

من بەم تەمەنەوە فریای ئەوە نەکەوتم

نشتمانە تەنهاکەم جێبێڵم

بەوەدا نەگەیشتم و ناشگەم

نەبم بە هاوڵاتییەکی ووشک هەڵاتووی ژێر سنەوبەرێ

بەوەدا ناگەم

تێکتی ئەو شەمەندەفەرە ببڕم

کە ڕووە و ئاسمانێکی تر دەڕوات

بەڵام ناشتوانم واز لە گەڕانەکانم بهێنم

هەربۆیە دەبێت

شانازی بەجیاوازیمەوە بکەم

لەگەڵ مەخلوقەکانی دی

# لەگەڵتدا من دەکەومە ماچ پەرستن

دەکەومە حیکایەتی ئەو جوانانەی
کە دوای حۆشەویستی دەکەون
ئیدی من بێجگە لەتۆ کەسی ترم ناوێت
ئیدی لەم غەریبییەدا
من لەتۆ زیاتر
کەسم خۆشناوێت
ئەی شازادەترین ژنەکەم لەم جیهانەدا
ئەی ئەو کەسەی کە ژیانمت پڕکردووە لەماچ
ئەی ئەزیزم لە دوور وولات
ئەو رۆژەی کە دەتبینم لە خزمەتتدا دادەنیشم
شەوان شەوارە دەگرم
ڕۆژان لەگەڵت دەبم
ئازیزەکەی من
گەر دەزانی بێ تۆ چەندە تەنهام
خەم دات دەگرێ
گەر دەزانی چەندە حەز بە دیدەنیت دەکەم
هێندەی تر شێت ئەبیت
من لەگەڵ تۆدا هەموو هیواکانم کۆکردۆتەوە



لەتۆدا هەموو حەزەکانم کۆکردۆتەوە
لە تۆدا خۆشەویستیم
هەموو عەشقەکانم کۆکردۆتەوە
لە تۆدا هەموو ژیانم کۆکردۆتەوە
تۆ وەک ئەو دارسنەوبەرە وایت
کە من لەپاڵتدا دەحەسێمەوە
تۆ ئەو لەنگەرەی
کە ئیدی بۆ هەتاهەتایە
لە پاڵیدا دەوەستم
تۆ هەموو شتێکیت بۆ من
تۆ دیاری خودایت بۆ من



# ئەو کاتەی پەپولەیەك خیانەت ئەکات

دنیا لە درۆیەکی جوان هیچی تر نییە ، لە کاتێکدا زۆرترین خەونمان هەیە ، حەزم ئەکرد ئەو ڕۆژەم بە چاوی خۆم نەدیایە کە تۆ لەبەرامبەر مندا دەینوێنی ، ئاخر دەمێکە دەمەوێ خۆم لە ڕستی چاوەکانم گێل بکەم ، بەڵام چیدی ناتوانم لە ڕۆحمدا ئەو درۆ گەورانە هەڵبگرم کە ئیدی ناتوانین نکوڵی لێ بکەین ، گەر من جارێک لەگەڵ تۆدا خۆم بەشەرمەزار بزانم ئەوا گەلێ باشترە لەو شاردنەوانەی کە وەک مانگەشەو دەبینرێت ، ئای گوڵم چەندە سەیرە دنیا نازانم من خۆم هەڵە بووم کە تۆم ناسی یاخود تۆش شتێک بوویت بۆ دڵتەنگی من , ئیدی من لە قەسیدەیەک زیاتر هیچ شک نابەم کە لەم سەراپا تەنهاییانەدا بمدوێنێ ، من هێندەی دنیا ڕقم لەو رۆژە دەبێتەوە کە دووەمین پیاو لەسەر زەوی لەدایک بوو ، گلەییم هێندە لێی زۆرە کە چیدی ناتوانم بەو شێوەیەش هیوام بەتۆ هەبێت ، من بەو ساتانە ئاشنانیم ، نازانم تۆ ش لەبێ هیوابوونتەوە گەیشتویتە ئەو باوەڕەی بەو شێوەیە بگوزەرێیت یان نا ؟ منیش دەمەوێت سەری خۆم هەڵبگرم و بڕۆمە نیشتمانێکی تر ، ئێستاش ڕۆحم لە مووچڕکە زیاتر هیچی تیا نییە ، تۆ هێندە ئازادیت وەک و مانگ وەکو خۆر وەکو هەور ، خۆزگە بەدرێژایی تەمەنم بمتوانیبایە گێلانە خۆشم بوێیت ، خۆزگە بمتوانیایە بەو جۆرە بیرم لە عەشق و خۆشەویستی



نەکردایەتەوە ، ئەی جوانکیلەکەم تۆش لە شوێنێکدا دەژیت بەدەم قەیرەیەتیتەوە گەلێک تینویت ، تۆ بەدەست کۆمەڵێک قەدەرەوە دەناڵێنی ، منیش لە پانتاییەکانی بوونمدا ناتوانم ، بەو شێوەیە بژیم.

